# سەركردایەتی سیاسی كوردو هەڵوێستی ئەمجارەی جەعفەری

## محمد رەزا

ئەوا بۆ چوار ساڵی تری دەسەڵات (جەعفەری) وەك سەرەك وەزیران هەڵبژێردرایەوەو كەناڵەكان لەسەر شاشەكانیانەوە بەوێنەوە گوزارشتیان لەو هەڵبژاردنە كردەوەو لەبەردەم كەناڵەكاندا خودی جەعفەری پەیمان ئەدات بەچاكی‌و راست‌و دروستی پۆستەكەی بەكاربهێنێت‌و حەزو خواستەكانی گەلانی عێراق بەبەرگی خۆیەوە ئاوێتەی بەڕێوەچوونێكی عادیلانە ببات، كەواتە جەعفەری ئەو هەنگاوەی ئەمجارەیان ئەینێت لەوەئەچێت مەغزای سیاسی ئەوتۆی وەك جارانی لە پشتەوە نەبێت، زاهیرەن، ئەگەر بڕوای بەوە هەبێت بەچاوێكی خۆشەویستی‌یەوە بنوارێتە لایەن‌و گەلانی عێراق بەگشتی، بەڵام دیسانەوە پێویستە بگوترێت ئاخۆ ئەمجارەیان هەڵوێستی لە بەرامبەر گەلی كورددا چۆن دەبێت‌و ئەو هەموو هەوڵو تەقەلایانەی لەمەوبەر لەلایەن سەركردایەتی سیاسی كوردەوە كە دراون بۆ هێنانەكایەی عێراقێكی فیدراڵ‌و دیموكراس، دەبێتە هاندانێك لەبەردەم جەعفەریدا، بۆ ئەوەی لەلایەك مەسەلەی گرنگی چارەنوسسازی كەركوك لەبیر نەكات‌و لەلایەكی تریشەوە بەشێوەیەكی مەنتیقیانە فیدراڵی كوردستانی لەلا قبوڵ بێت‌و كار لەسەر مەسەلە ڕەواو بنچینەییەكانی گەلانی عێراق بكات بەگشتی گەلی كوردیش بەتایبەتی، چونكە هەر لە سەرەتای دەسەڵاتە یەك لە دوای یەكەكان بەئێستاشەوە كاتێك حوكمی عێراقیان كردوە لەسەرەتادا نەرم بون‌و كوردیان بەهەموو جۆرێك هەڵخەڵەتاندووە، تاكو پێگەی خۆیان تۆكمەو پتەو كردووە، پاشان بونەتە موی بەرلوت بۆ ئەم گەلە هەژارەو بەهەموو جۆرێك زوڵمیان لێ كردووە، لە هەموو كاتەكانیشدا سەركردایەتی سیاسی كورد حەزی لەوەكردووە كە كێشەكانی بەدایەلۆگ چارەسەر بكات‌و لەسەر مێزی مفاوەزات لەگەڵ نەیارانی‌و دوژمنانی خۆیدا دانیشتوە، هەندێك جاریش شكستی دوژمنان بووە زەمینە خۆشكراوە بۆ ئەو گفتوگۆكردنەو هەر دوای ئەوەی سیاسەتی خۆ ئامادەكردنی لە بەرامبەرماندا پیادە كردۆتەوە كارێكی كردووە هەمان گفتوگۆ فەشەل پێ بێنێت‌و، جارێكی تر كەوتۆتەوە وێزەمان‌و بەئاگرو ئاسن كوردستانی سوتماككردووەو ڕۆڵە

بەجەرگو شۆرشگێڕەکانی ئەم گەلەشی قاوقڕکردووە، بۆیە ئەگەر بۆ ئەم جارەیان قسەکانی جەعفەری لەوەی عادیلانەو بێ جیاوازی مامەڵە بکات لەگەڵ گەلانی عێراقدا بەکوردیشتەوە گرنتی بێت بۆ سیاسەتی ئەمرۆی عێراقو کوردستان، هەق وایە بگوترێت جیاوازی بەرچاویان هەیە لەگەڵ حوکمێکی دیکتاتۆریانەی بەعسی ڕوخاو، بەڵام ئەگەر ئەمجارەشیان وەك گەمەیەکی سیاسی دیسانەوە کوردی پێ بخەڵەتێنن دەبێت بگوترێت تەواوکەری سیاسەتی چەوتی بەعسیەکانن، ئەوەشی کە بۆ ئەمرۆی گۆرەپانی سیاسی کوردو سەرکردایەتیەکەی جێگای بایەخپێدانەو زۆر گرنگە لایەنە سیاسیەکان پشتو پەنای یەکتربنو دەست لەناو دەستی یەکتری بنێن ئاراو بۆچونەکانیان چونیەك بکەنو خۆیان سازو ئامادە بکەن بۆ بەگژداچونەوەی هەر سیاسەتێکی چەواشە کە بویسترێت بەرامبەر بەگەلی کوردی بکەن، هیواکانیش نائومێدی پێوە بەدیناکرێتو لەو بڕوایەدام سەرکردایەتی سیاسی کورد مادام هەمویان بیروبۆچونەکانیان یەکەو بۆ یەك مەبەست هەوڵ ئەدرێت پاشەرۆژێکی روناکو ئاسۆیەکی گەشی لێ بەدیئەکرێت.